Yeketîya Neteweya Demukrata Kurdistan
YNDK

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني
المكتب السياسي

Democratic National Union of Kurdistan

ژمارە/ت رۆژ ١٧ / ٢ / ٢٠٠٧

# پەیامی پیرۆزبایی
# بۆ بەڕێز پارتی سەربەستیی کوردستان

**سڵاوی سەرخۆبوون و ئازادی...**

**بەبۆنەی یەکەمساڵیادی دامەزراندنی پارتەکەتان ( پارتی سەربەستیی کوردستان ) بەناوی خۆمان و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیمان YNDK جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەو سەرجەم ئەندامانتان دەکەین ، خوازیارین یادی یەك ساڵەی دامەزراندنی PSK هاندەری زێتر بێت بۆ پێشڤەچوونی پارتەکەتان .**

**بەڕێزان : یادی یەك ساڵەی دامەزراندنی پارتەکەتان لە قوناغێکی هەستیاردا دەکەنەوە بەهۆی دوو خاڵەوە ، یەکەمیان ڕژێمی داگیرکەری ئێران تا ئەوساتەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەردەوامە لە سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەییمان ، ڕۆژانە دەزگا ئەمنییەکانی ئەم ڕژێمە بەبیانوی جۆراوجۆری بێ بنەما لەشارە کوردییەکاندا لاوانی کورد دەستگیردەکەن و گوێرانەو بێ دادگایی کردن دەیانخەنە زیندانەکان و ئازارو ئەشکەنجەیان دەدەن و دواتریش لە سێدارەیان دەدەن ، دووەمیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وا خەریکە گۆڕانکاری گەورە بێتە کایەوەو وەك ئاگاداریشن گۆڕانکارییەکان بە خێرایی بەڕێوەدەچن ، لەبەر ئەوە گەرەکە لەم قۆناغەدا بەرنامەی هاوبەشمان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین سوود لە دەرفەت و گۆڕانکارییەکان وەربگرین ، تا بەهۆیەوە مافە نەتەوەییەکانمان دەستەبەر بکەین ، ئێمە لە YNDK دا داوا دەکەین هەرچی زووە پارت و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر چەترێك یا بەرەیەك خۆیان ڕێك بخەن و کارنامەیەکی هاوبەش بۆ زێتر برەودان بە بزاڤی کوردایەتی دابڕێژن ، چونکە تەنیا بەیەکریزی و یەکگرتووییمان دەتوانین پەرە بەبیری سەربەخۆخوازی بدەین و هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی کوردستان بنێین ، کە پێمان وایە تاکە چارەسەر بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەربەخۆیی کوردستانە .... لەم بۆنە پیرۆزەتاندا جارێکی تر جەخت دەکەینەوە سەر زیاتر توندو تۆڵکردنی پەیوەندی نێوان YNDK و PSK و هەموو لایەنە وڵاتپارێزو سەربەخۆخوازەکانی کوردستان .**

**دووبارە ساڵیادتان پیرۆز .... هەر سەرکەوتوو بن .**

**بێتە دی : کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو دیموکرات .**

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**٢٨ی / ڕێبەندان / ٢٧٠٦ی کوردی**